ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**پرۆگرامە پێویستەکان.**

نووسەر: @:

ئەم وانەیە تایبەتە بە کورتە باسێک لەسەر ئەو پرۆگرامانەی کە هەموو کۆمپیوتەرێک ئەبێ هەیبێت.

ئەم پرۆگامانەی کە لێرە ناویان دەبەم، بۆ بەکارێهێنەرێنێکی ئاسایی کۆمپیوتەرە، پاشان کەسانی دیکەش هەن کە لەبوارێکی تایبەت دا خەریکن، ئەوانەش هەریەکەو پرۆگرامی خۆی هەیە.

- پرۆگرامێکی دژە ڤایرۆس، هەموو کۆمپیوتەرێکی مەترسی تووش بوون بە ڤایرۆسی هەیە و پرۆگرامیش زۆرە بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر. شتێکی ئاسان نییە کە بزانی کام لەو پرۆگرامانە باشترە لەوانی دیکە. سایت و گۆڤاری تایبەت بە بواری کۆمپیوتەر هەیە کە هەموو ساڵێک لە سەر ڤێرژنەکانی ئەو پرۆگرامانە تاقیکاری دەکەن و هەندێک یارمەتیدەرن بۆ هەڵبژاردنی پرۆگرامی چاک. بۆ نموونە ئەم وێب سایتە تاقیکاریەکی جێبەجێ کردووە، کە بە پێی ئەو تاقیکاریە پرۆگرامی BitDefender زۆر لەوانی دی باشترە.

ماڵپەڕی تاقیکاریەکە http://www.anti-virus-software-review.com

ئەمەش ماڵپەڕی هەندێک پرۆگرامی دژە ڤایرۆس ـە

BitDefender http://www.bitdefender.com/index.php

Mcafee http://www.nai.com/us/index.asp

Panda http://www.pandasoftware.com/home/default.asp

Norton Antivirus http://www.symantec.com/index.htm

Antivir خۆڕایی http://www.free-av.com

AVG Antivirus http://www.grisoft.com/us/us_index.php

---

- پرۆگرامێک بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر لە Hacker.

Hacker چییە و کێیە؟ هاکر ئەو کەسەیە کە هەوڵ دەدا بە شێوەی نایاسایی و نهێنی بچێتە نێو کۆمپیوتەری کەسانی دیکە، دەتوانی دەست بە سەر کۆمپیوتەرەکەدا بگرێت و دەستکاری زۆر شت بکات بەبێ ئەوەی کە خاوەن کۆمپیوتەر هەستی پێبکات. (ئەم شتە کاتێک دەکرێت کە خۆت بە ئینتەرنێتەوە بەستبێتەوە).

پرۆگرامیش بۆ بەرگری کردن لەو جۆرە هەوڵانە، لینکی چەند پرۆگرامێک>

Bitdefender Firewall http://www.bitdefender.com/index.php

Norton Personal Firewall http://www.symantec.com/index.htm

Mcafee Firewall http://www.nai.com/us/index.asp

ZoneAlarm http://www.zonelabs.com/store/content/home.jsp

ویندۆز XP ئاگرەدیوارێکی هەیە، ئەویش شتێکی چاکە، بۆ ئەو کەسانەی کە ویندۆز XP یان هەیە دەتوانن ئێرە کرتە بکەن بۆ چۆنیەتی وەئیشخستنی ئەو ئاگرەدیوارە.

http://w1.550.telia.com/~u55011162/FirewallXp.htm

---

- پرۆگرامی Real One Player.

پرۆگرامێکی زۆر چاک و بەناوبانگە، لەگەڵ ئەم پرۆگرا مە دەتوانی: گوێبیستی گۆرانی بیت، ڤیدیو ببیتنیت، گوێبیستی ڕادیۆ بیت، سیدی بسووتێنیت و زۆر شتی دیکەش.

www.real.com

http://195.141.101.151/europlayer/R30EUD/RealPlayer10GOLD.exe

بابەتی پێوەندیدار

ڕێکخستنی RealOne Player بۆ گوێگرتن.

http://www.geocities.com/asssso2001/RealListen/RealListen.htm

---

- Nero، پرۆگرامی سیدی سووتاندن.

ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت سیدی سووتێنەری هەبێت، دەبێت ئەم پرۆگرامەشت هەبێت بۆ زانینی نرخی سیدی سووتاندن :)

http://www.nero.com/en/index.html

بەستەری پێوەندیدار

دروستکردنی سیدی گۆرانی (دەنگ) لەگەڵپرۆگرامی نێرۆ.

http://www.geocities.com/asokermashani/AudioNero.htm

---

- پرۆگرامی Winrar

هەندێک جار لەبەر گەورەیی قەبارەی پەڕگە پێویستت بەوە دەبێت کە بیپێچیتەوە و قەبارەکەی بچووک

کەیتەوە، یان کەسانی دیکە ئەو ئیشەیان کردووە و تۆ پێویستت بە پرۆگرامێکە کە ئەو پەڕگە پێچراوە بکاتەوە.

http://www.rarlab.com

---

- Acrobat Reader، پرۆگرامێکی زۆر پێویستە، هەموو کۆمپیوتەرێک بێ گومان ئەبێ هەیبێت.

لەڕێگەی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی پەڕگە بە فۆرماتی PDF بخوێنیتەوە، ئەو فۆرماتەش بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئینتەرێنت دا بەکار دەبرێت. بەتایبەت لە زۆربەی ماڵپەڕە کوردیەکان.

http://www.adobe.com/products/acrobat/readstep2.html

http://www.oldversion.com/downloadx/acrobat505.exe

کۆتایی.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت